2ی ئاداری 2024

## کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان

## ئەپیکور بانگەشەکانی حکومەتی عێراق سەبارەت بە هەبوونی گرێبەستێك بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کوردستان دەتدەکاتەوە.

ئەپیکور ئەو لێدوان و بانگەشانەی بەرپرسانی حکومەتی عێراق رەتدەکاتەوە، باس لە گەیشتن بە رێککەوتنێك دەکەن، لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا
.
کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور پێشوازی لە کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا دەکەن. بەداخەوە، تا ئێستا هیچ پێشنیازێکمان لەلایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەست بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت نەبینیوە .

لە ماوەی رابردوو چەند لێدوانێك ناڕاست، لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی عێراقەوە بڵاوکراونەتەوە و باس لەوە دەکەن رێککەوتنێك کراوە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا. ئێمە نازانین هۆکاری پشت بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییە ناڕاستانە چییە؟ بەڵام ئەوە دەزانین کە عێراق بەهۆی داخستنی بۆری نەوتی عێراق تورکیاوە، مانگانە 1 ملیار دۆلار زیانی بەردەکەوێت .

ئەپیکور تێبینی ئەوەی کردووە، لە 7 - 9ی کانوونی دووەمی 2024 لە بەغدا کۆبوونەوە لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت بەڕێوەچوون. لە کۆبوونەوەکاندا چەند نوێنەرێکی کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور بەشداربوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ بەرەوپێشچوونێکی کۆنکرێتی نەخراوەتە بەردەم ئەندامانی ئەپیکور .

کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور ئامادەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە، بۆئەوەی چارەسەرێك بدۆزنەوە کە لە بەرژەوەندی هەمووان بێت.

## -کۆتایی-

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

واتسئاپ: +1-254-371-5704

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil